# هونەرمەند دیاری قەرەداغی بۆ گوڵان:

# لە پشت هەموو بێدەنگییەکەوە هەرای ئیشکردن و بەردەوامی هەیە



دیاری قەرەداغی بە زمانێکی جیاو بە هونەرێکی جیاوازترەوە خزمەتی هونەری کوردی دەکات. خاوەن ئەنتازیاو داهێنانێکی گەورەیە لە هونەری کوردیدا، بۆیەش هونەرمەند دیاری توانیوویەتی ببێتە خاوەنی پێگەی بەرز لە ناو هونەری کوردیدا، زۆر کەس هەن دەڵێن و دەپرسن بۆچی خەم یەکێکە لە شتە بەردەوامەکانی ئەو هونەرەی پێشکەشی دەکات، چونکە هەمیشە لە کارەکانیدا هەست بە خەمێک دەکرێت، خەمێک کە دەربڕێکی راستەقینەی ئەو واقیعەیە کە مرۆڤ هەستی پێدەکات لە هەستی دووری و خۆشەویستی بۆ وڵات و دایک و یار و یاخود نیشاندانی ئازارەکانی گەلی کورد کە بە تەواوی وەک خۆی گوزارشتیان لێدەکات و بیسەرێک دەخاتە نێو واقیعەوە، هونەرمەند دیاری قەرەداغی جگە لەوەی سەرقاڵی کاری هونەری خۆیەتی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی موزیکە لە سلێمانی، هەر بۆیەش بە چاکمان زانی بە چەند پرسیارێک ئەم هونەرمەندە خۆشەویست و قەدر گرانە بەسەر بکەینەوە .

دیمانە : سۆران مارف کریم
Soran_marf1980@yahoo.com

* دیاری قەرەداغی چۆن باس لە ئاستی هونەری کوردی دەکات؟
- دەرگایەکـــی گەورە و کراوەیە بە رووی هەمووواندا، هەموو بە ئاســـانی پێیدا رەت دەبین و زۆرمـــان تێدا ون دەبین و نازانین چۆن تێیدا هەنگاو بنێین، زۆری تریشمان لـــەو ڕێگایەدا گوڵی جوانـــی هونەر لە ســـەر لاڕێکانیدا دەدۆزینەوە تەنها فریای بۆنێکی دەکەوین.
دەزانی زۆر قورسە باس لە سەرجەم ئاستی هونـــەری میللەتێـــك بکـــەی لەکاتێکدا کەمترین (داتـــا)ت لەبەردەســـتدا بێت، ناشـــمەوێت مەزاجی خۆم سەرپشك بکەم بۆ هەڵســـەنگاندنی ئەو ئاســـتانە، تەنها هەســـتێکم لا سەرکەشە ئەویش ئەوەیە کە زۆر نیگەرانم لەوەی روو دەدات.
* هەندێك باسی قەیرانی هونەری کوردی دەکەن تـــۆ قەیرانی گۆرانـــی موزیکی کوردیدا لە چیدا دەبینیتەوە ؟
- پێشـــتر ئەوەم وتوە کە ئەمەی ئێســـتا هەیە پێی ناوترێت قەیران، بەواتای ئەوەی شـــتێکی درەوشـــاوەو گەورە لە هونەری کوردیدا نەبووە تا ئێستا قەیرانی بەسەردا هاتبێت، بە بۆچوونی من هەموو کزی و لاوازییەك لە هونەری کوردیدا درێژکراوەی مێژووی خۆیەتی.
* ئایا خۆبەســـتنەوە بە فۆلکلۆرەوە بەسە بۆ ئـــەوەی هونەری کـــوردی بەرەو پێش بەرین ؟
- فۆلکلۆر بەشـــێکی گـــەورەو زیندوی هەموو میللەتێکە، خەرمانێکی بەجێماوو گەنجینەیەکی پیرۆزی هەموو نەتەوەیەکە، پاراســـتن و بەرز ڕاگرتنی ئەرکە لەســـەر هەمووان، پێویستە ئەرشیفکردنی زانستیانە بێـــت و مامەڵەی هونەریش لە تەکیدا لەو پەڕی ئاســـت بەرزیدا بێت، بـــە داخەوە ئەوەی هەیە بەو جۆرە نییە، وای لێهاتووە کـــە ئەم گەنجینە پـــڕ بەرەکەت و پیرۆزە بۆتـــە زەخیرەی زۆرێك لەوانەی کە هێزی ئیشکردنیان نەماوە لە رووی ئاوازی نوێ و بیرکردنـــەوەی نوێ و کاری داهێنەرانە، هەر کەســـە لەخۆیەوە و بێ لێپرســـینەوە دەســـت دەباتە ئەم کەرەســـە گەورەیەی میللەت و بە شـــێوەیەکی ناجۆر دەیکاتە بەرهەمێکی هونەریی و لەســـەر هونەری کوردیش ئەژمار دەکرێت.
* بینـــەری کارە هونەرییەکانـــی ئێـــوە خەڵکانـــی نوخبـــەی کۆمەڵگـــەن، واتا کارەکانت لە خەڵکانـــی نوخبەدا ڕەنگی داوەتەوە، وای بۆ دەچم تەنیا بۆ خەڵکانی نوخبەی گۆمەڵگە کار دەکەن، ئەگەر وایە مەبەست لەم شـــێوە کار کردنە لە بواری هونەردا چییـــە و ئەتانەوێ چ ئامانجێك لە بواری هونەردا بپێکن؟
- ئـــەوەی راســـت بی مـــن کار دەکەم و حـــەز دەکەم بەرکەوتنم لەگەڵ ســـەرجەم توێـــژەکان هەبێت، ئەوە ئەوانن بڕیار دەدەن کە گوێ لە من بگرن یان نا، کەواتە من لە ســـەرەتاوە بەو ئاڕاستەیە کار ناکەم کە کار تەنها بۆ نوخبەیەکی دیاریکراو بکەم، چونکە هەزاران کەس لە شـــار و گوند و ناوچە جیاجیاکان لـــە ژن و پیاو لە پیرو جوانـــان خۆیان کردۆتە هاوڕێی زۆرینەی بەرهەمەکانم و قورســـە بەسەرجەم هەموو ئەمانەش بوترێ نوخبە، بەڵام ئەم قسەیەی بەرێزیشتان ئەو راســـتییە وەدەردەخات کە هونـــەری گۆرانـــی و میوزیکی کوردی کەمتر توانیویەتی ویســـتە هونەرییەکانی بەرجەســـتە بکات، زیاتر کار بۆ شوناسی جەماوەریبوونی خـــۆی دەکات کە رەنگە من کڕیاری ئەم مەســـەلەیە نەبم و کەمتر بکەومە بەر کاریگەری ئەو شـــەپۆلانە، ئەمەش وا دەکات مـــن بخاتە بەردەم ئەو شـــێوەیەی کە وابزانرێـــت کارەکان کاری نوخبەوی بێت.
* فۆرمێکی نوی و ستایلێکی تاڕادەیەك کاریگەری گۆرانـــی عەرەبی لە بواری هونەری کوردیدا گەشـــەی کردووە، ئێوە لەو ڕووەوە چ قسەیەکتان هەیە ؟
- ئەوە راستە، زۆرێك لە تێکەڵبوون لەگەڵ هونەری نەتەوەکانی تردا بەرچاو دەکەوێـــت، ئومێدمە لە ســـەر شـــانی بنچینەی ئەو رەنـــگ و بۆنـــە کوردییەی خۆمان نەبێـــت کە دەبینرێت هەموو میللەتێك ئەو رەنگ و بۆن و تامە دەکاتە هەوێنی کارەکانـــی خـــۆی، مـــن هەمیشـــە وتومـــە ناکرێت دەرگاکان لەسەر خۆمان دابخەین، بەڵام ناشکرێت ئاڕاستەی ئیشکردنمان بە پێچەوانەی شوناسی نەتەوەییمانەوە بێت.
* کارەکانتـــان لـــە ســـتایلی یۆنانییەوە نزیکەوە، ئایا ئەمـــە لە چ ڕوانگەیەکەوە خزمەتی هونەری کوردی دەکات و چۆن بیرتان لە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە شێوازە لە هونەری کوردیدا کردۆتەوە ؟
- پێموانییـــە ئـــەم رایـــە نزیـــك بێت لە راســـتییەوە، چونکە من زۆر ئاشنا نیم بە میوزیکی یۆنانی و بە راشـــکاویش دەڵێم زۆر گوێی لێ ناگرم..
دەشمەوێت شـــتێك بۆ بەرێزتان و سەرجەم خوێنەران راســـت کەمەوە، کە هەر لە ناو یۆناندا وەك سەرجەم میللەتانی دنیا دەیان و سەدان ستایل هەیە.
لە دوا جاردا من دەمەوێت هونەرێکی جوان پێشـــکەش بکەم ئەگـــەر ببێتە خزمەتێك بۆ نەتەوەکەم ئەوا شـــادمانم خۆ گەر بە پێچەوانشـــەوە بوو، ئـــەوا دەکرێت وەلای بنێن.
* وەکو ئەوەی بەرێزتان لە بواری هونەردا پێشنیارو نووســـین و ڕەخنەتان دەبینرێت تاچەنـــد پێتان وایـــە ئێمەی کورد لە بواری نووسین و ڕەخنـــەی هونەری نووسەری جدیمان لە بوارەکەدا هەیە و ئایا تاچەند پێویستمان بـــە ڕەخنەگـــری جـــدی هەیـــە لە بوارەکەدا؟



-نووسەرمان کەمە و جێگای داخە، ئەمەش دەرگای واڵا کردووە بۆ زۆر شت لەسەرووی هەموویانەوە نووسین و رەخنەی بە مەزاج و بێ بنەما و کەم ئەرزش، نووسینێك کە تەنها پەلهاویشتنە بۆ دەرگا لاوەکییەکانی تر، دوور لە هێڵە سەرەکییەکە کە هونەرەکەیە، واتە کەمجاران نووسینێك دەبێتە بابەتێکی سەرنجڕاکێش و پڕ بایەخی هونەریی کە قسە بکات لەسەر بنەماکانی ئەو بەرهەمە لە رووی سەرجەم پێکهاتە بەشدارەکانی هەر لە میلۆدی و میوزیك و تێکست و ئەدا و تەکنیکی دەنگ و تا وردەکارییەکانی تری ئەو بەرهەمە، ئێمە زۆرینەمان تەنها لە یەك رەهەندەوە دەنووسین ئەویش بریندارکردنی کەس و کەسایەتی هونەرمەندە و هێنانە خوارەوەیەتی بۆ ئاستی سووکایەتی پێکردن، کە ئەمەش نە نووسینەو نە رەخنە، بەڵکو شەڕێکی دستەو یەخەیە لە ژێر ناوی رەخنەی هونەری .

* زۆرجاران باس لە کارە هونەرییە جدییەکان دەکرێت بەوەی لەلایەن جەماوەرەوە پڕ فرۆش نین، بۆ نموونە ڕەنگە سیدی هونەرمەندێك کەوا کارەکانی پڕۆفیشناڵ بێت لە سێ چوار هەزاردانەیەك زیاتر فرۆشی نەبێت کەچی لە هەمان کاتدا گۆرانیبێژێکی نا ئەکادیمی بە سایزەرێکەوە گۆرانی دەڵێت ڕەنگە فرۆشی سیدییەکەی لە ٤٠/٣٠ هەزار زیاتر بێت، ئەمە لای تۆ بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- ئەمە درمێکە تەنها لێرەدا بڵاو نەبۆتەوە بەڵکو لە زۆرینەی وڵاتانی دنیا بەر بڵاوە، بەڵام ئەوەی ئێمە لەوان جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە وڵاتانی تر میدیا جدییەکان نابنە ریکلام بۆ کاری ناشایستە، بەدەگەمەن ئەو هونەرمەندە ناجدییانە لە تیڤییەکانیانەوە دەردەکەون، کە تەواو پێچەوانەی لای ئێمەیە..

*کەی بیسەری کورد دەگاتە ئەو ئاستەی کاری پرۆفسشناڵ لەکاری دیکە جیا بکاتەوە؟

- ئەو کاتەی دامەزراوە هونەرییەکانی کورد توانی پێگە و حورمەتی هونەر لە وڵاتەکەدا باڵا تر بکات لەو بارە دژوارەی ئێستا پێیدا تێپەڕ دەبێت.

ئەو کاتەی کەسایەتی مەعنەوی هونەرمەند بەرزتر بوو لە هەموو پلەو پایەیەکی وەزیفی حیزبی و دەوڵەتی بۆ ئەوەی چیتر هونەرمەند نەبێتە کۆیلەی ئیشێك، وەزیفەیەك کە هی ئەو نییە.

ئەو کاتەی زمانی میوزیك باڵاتر بوو لە زمانی جەنگ و زمانی جنێو سەنگەر لەیەکگرتن.

دەزانی مێژووی گوێگرتنی ئێمە مێژووی گوێگرتنە لە نەرهەنگی جنێوی پارتە سیاسییەکان بە یەکترو مێژووی هەڕەشە و زەنگی شەڕ، ترسی شەڕ، ترسی تەقینەوە لە هەر ئان وساتێکدا، مێژووی گوێهەڵخستنە بۆ درۆکان کە رۆژانە نازانین چ هەواڵێك راستە، کام وشە ئاوادانی ئەم رۆحە تەزیوانەیە، ئەمە مێژووی گوێگرتنی ئێمەیە، ئێمە دەریایەك ئاومان پێویستە بۆ شتنەوەی گوێکانمان بەهەموو ئەو ناشرینیانەی کە ساڵەهایە تێ دەئاخنێن.

*گەلێك تیپی هونەری لێرەو لەوێ هەن، ئێوە وەکو بەڕێوەبەری هونەرەکانی موزیك لە سلێمانی بەرنامەو پڕۆگرامتان چییە و چ میکانیزمێکتان بۆ کۆکردنەوەی ئەو هونەرمەندانە لە بەر دەستە، بە شێوەیەکی گشتی بەرنامەو پڕۆگرامی ئێوە چییە وەکو حکومەت و لایەنی بەرپرس چۆن کار دەکات؟

- بەر لەوەی وەك بەڕێوەبەری هونەرەکانی موزیك لە سلێمانی بمانەوێت باس لە ئەجندای کارەکانمان بکەین پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان پێمان بڵێت ئاڕاستەو ئەجندای ئەوان چییە؟

کە ئێمە بەشێکی هێجگار بچووکین لە کۆی سەدان بەرێوەبەرێتی ئەو وەزارەتە، بەراستی دیسانەوە پەستم کە بمانەوێت زۆر کاری گرنگ دەتوانین بکەین و زۆر دەست و پێوەندی تەعلیماتی رێگرە لەبەردەم کارەکان یان بەو شێوەیە نییە کە داواکراو بێت یاخود ئەوەندە بە هێواشی دەڕوات کە دوای جارێك ئیشکردن تۆبە دەکەی بۆ ئیشی تر.

*ئێستا ماوەیەکی زۆرە دەنگ و باسی کاری هونەریتان نییە ئەم بێدەنگییە هۆکارەکەی چییە ئەی پڕۆژەو بەرنامەی نوێتان چییە ؟

- لە پشت هەموو بێد ە نگییە کە و ە هەرای ئیشکردن و بەردەوامی هەیە، من بەردەوامم لە ئیشکردن، بیرکردنەوەو کاری جوان و پوخت کاتی دەوێت بۆیە زوو دێمەوە لاتان چاوەڕوان بن هەڵگری دەیان کاری شایستەم بە ئێوە.






## ئەو فیلمانەی لەم هەفتەیەدا زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە

# فیلمی "راهێنان لەگەڵ تەنین" پلەی یەکەمی ئەم هەفتەیەی بەدەستهێنا

فیلمی سێ رەهەندی 3D راهێنان لەگەڵ تەنین "How to Train Your Dragon" بەماوەی سێ رۆژی نمایشکردن، بەکۆکردنەوەی زیاتـــر لە ٤٣ ملیـــۆن دۆلار پلـــەی یەکەمی بەدەســـت هێنا و فیلمی هاوشێوەی "ئەلیز" ی کردە فیلمی دووەم، کە ئەمەش ســـەرکەوتنێکە بۆخۆی تۆماری کرد.

فیلمی How to Train Your Dragon وەك هەر فیلمێکی تری ئەنیمەیشنی لەو جۆرە، زیاتر سەرنجی منداڵ رادەکێشێت، چیرۆکەکەی لەگەڵ جۆری بیرکردنەوەی منداڵ نووســـراوە، ئەمە جگـــە لەبەکارهێنانی ئەو رەنگە زەقانەی کـــە ئەوانـــی پـــێ سەرســـام دەکات، ئەوەی بەرهەمهێنانـــی ئەم جـــۆرە فیلمانەی زیادکرد، ئەو بازارِ گەرمییە بوو کە لەســـاڵی پار تێکرِای فیلمـــە ئەنیمەیشـــنەکان بەدەســـتیان هێنابوو، بەتایبەتـــی فیلمـــی "UP" کە بـــووە براوەی خەڵاتی ئۆســـکار، هەرچۆن فیلم لەسەر تەنین یاخـــوود "دراگۆن" مۆدێکی تری ســـینەمایەو چەند ساڵ جارێك فیلمێکی لەسەر دروست دەکرێت و چەندین داستانی لێ نووسراوەتەوە، کەلەسەرەتاوە لەئەدەبی رۆژهەڵاتی ئاســـیا سەری هەڵداوە پاشان چۆتە ناو ئەدەبیاتی ئینگلیز.

فیلمەکە باس لە لاوێکی بێ بەخت و نەگبەت دەکات، ئارەزوو دەکات راوی تەنین بکات، بەڵام بەبێ هیچ بەرنامەرێژییـــەك و بەبێ ئەوەی چاوەرِوانی بکات، دەبێتە خاوەنی بێچووە تەنینێك، هاورِێیەتی دەکات، کەزۆر شـــت هەبوو دەربارەی ئـــەو جۆرە بونەوەرانە فێری دەبێت، کەتاوەکو ئێستا نەیدەزانی، بۆیە لەمە جیهانێکی تری بـــۆ دەکرێتەوە و تەواوی چیرۆکی ئەم لاوە لە فیلمەکەدا نمایش دەکرێت.

فیلمەکە لـــە دەرهێنانی "دیـــن دیبولش" و "کریس ســـاندرز"ە، وەکو دەنگیش ئـــەم ئەکتەرانە رۆڵی پاڵەوانانیان بینیوە: "جـــای باروچیل، جێراد پتلەر، کریج فێرگسۆن، ئەمێریکا ڤیرارا.

ئەمەش لیستی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکایە بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:




1 - ١-(٤٣،٣٠٠) How to Train Your Dragon ملیـــۆن$، کۆی داهات: ٤٣،٣٠٠ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

2 -(١٧،٣٠٠) Alice in Wonderland ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٩٣،١٠٠ ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشو:١.

3 -(١٣،٦٥٠) Hot Tub Time Machine ملیـــۆن$، کـــۆی داهـــات: ١٣،٦٥٠ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.

4 - ٤-(١٢،٠٠٠) the bounty hunter ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٨،٨١٢ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٣.

5 - ٥-(١٠،٠٠٠) diary of a wimpy kid ملیـــۆن$، کـــۆی داهـــات: ٣٥،٧٧٦ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٢.

6 -(٣،٥٢٦) She's Out of My League ملیـــۆن$، کـــۆی داهـــات: ٢٥،٦٠١ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشو٦.

7 -(٣،٣٥٠) Green Zone ملیـــۆن$، کۆی داهات: ٣٠،٤٤٠ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشوو:٥.

8 -(٣،١٧٥) Shutter Island ملیۆن$، کۆی داهات: ١٢٠،٦٠٠ ملیۆن$، بە٥ هەفتە پلەی پێشو: ٤.

9 - (٣،٠٤٨) Repo Men ملیـــۆن$، کۆی داهـــات: ١١،٣٤٢ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٤.

10 - (٢،٢٠٠) our family wedding ملیۆن$، کۆی داهات: ١٦٧٨٥ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٩.

ئا: عەبدوڵا چنگیانی

مێرهان یەکێکە لە قوتابییەکانی ستار ئەکادیمی کە ئاستێکی زۆر بەرزی نیشاندا لە وەرزی پێنجەمی ئەم بەرنامەیەی کە تا ئێستاش بەردەوامە لە گۆرانی گوتن، هەر لە دەروازەی ئەم بەرنامەیەوە جەماوەر لە نزیکەوە ئاشنای توانا و لێهاتووی ئەم کچە گۆرانیبێژە بوون و زۆربەی شارەزایان پێشبینی پاشەڕۆژێکی باش و روونیان بۆ مێرهان کرد ئەگەر زیاتر پەرە بە بەهرە هونەرییەکانی خۆی بدات، لە ڕێگای وەلید تەمیم کە ڕۆژنامەنووسێکی هونەرییە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.



# مێرهان:
# کلیپ ئاوێنەی گۆرانییە

*** کەی بۆ یەکەم جار گۆرانیت گوت؟**

- لە قوتابخانەی سەرەتایی بوو، من لە پێشەوە گۆرانیم دەگوت و هاوڕێکانیشم لە پشتەوەی من بوون.

*** بۆچی بەشداریت لە ستار ئەکادیمیدا کرد؟**

-هەر لە منداڵییەوە حەزم لە گۆرانی گوتن و بواری هونەری بوو، هەستم دەکرد پاشەڕۆژم لە هونەردا دەبێت، بۆیە کە بە ستار ئەکادیمیم زانی ئەو هەلەم لە دەست خۆم نەدا.

*** تێبینی چیت کرد لە ستار ئەکادیمی؟**

- ئاستی بەرزی قوتابییەکان زۆر سەرنجی راکێشام، بۆیە حەزم دەکرد منیش زیاتر خۆم ماندوو بکەم تا بتوانم رکابەرێتی بکەم.

***هەندێك کەس دەڵێن لیژنەکە بێلایەن نەبوو، ئەمە تا چەند راستە؟**

- نەخێر بەڕای من بە تەواوی بێلایەن بوون ئەمەش لە خزمەتی ئێمەدا بوو بۆ ئەوەی زیاتر خۆمان ماندوو بکەین.

*** لەچی دەترسی؟**

- زۆر لە سەرنەکەوتن دەترسم.

*** دوای ستار ئەکادیمی چ شتێك سەرنجی راکێشای؟**

-دوای ئەوەی لە ئەکادیمیا دەرچووم و بۆ ماوەیەك بێدەنگ بووم و شتی نوێم پێشکەش نەکرد، بەڵام ئەوەی سەرنجی راکێشام جەماوەر هەمیشە بەدوای زانینی هەواڵی مندا دەگەڕان و دەیانپرسی چی نوێم هەیە پێشکەشی بکەم، ئەمەش بەراستی دڵخۆشی کردم و هەوڵمدا بەهەر شێوەیەك بێت قەرەبووی ئەم خۆشەویستییەی خەڵك بدەمەوە.

*** چ سوودێکت لە ئەزموونی ستار ئەکادیمی وەرگرت؟**

- بەر لە هەموو شتێك خەڵك و هاوڕێی نوێم ناسی و بە یەکەوە شارەزاییەکی زۆرمان پەیدا کرد و زیاتر شارەزای نهێنییەکانی هونەر بووین، بەتایبەتی لە وەستان لەسەر شانۆ و نەمانی ئەو ترسەی لەو رووەوە هەمانبوو، هەرچەندە کە یەکەم جار ڕووبەرووی ئەو جەماوەرە زۆرە بوومەوە جۆرە ترسێکم لە دڵ هەبوو.

*** ئامادەی خوێندن بە قوربانی هونەر بکەی؟**

- وەك کەسێکی ئاسایی پێویستە هاوسەنگییەك لەنێوان هەردوو بوارەکەدا دروست بکات بۆ دابین کردنی پاشەڕۆژی خۆی، هەوڵ دەدەم هیچیان بە قوربانی ئەویتریان نەکەم، بیرمان نەچێت زۆر کەس هەن خوێندنیشیان لە بواری هونەرییە جا لە سینەما یان شانۆ یان موسیقا بێت.

*** مەرجەکانی گۆرانیبێژی سەرکەوتوو چین؟**

- بەر لە هەموو شتێك پێویستە خاوەن دەنگێکی خۆش بێت، واتە بەهرەی هونەری هەبێت.

*** هونەر لە لوبنان پێشکەوتووترە یان لە میسر؟**

- هونەر لە هەر وڵات و گەلێك تایبەتمەندی خۆی هەیە ئەگەرچی هەردووکیشیان بە زمانی عەرەبین، بەڵام من ناتوانم ئەوە دیاری بکەم کامیان پێشکەوتووترە.

***ئەگەر تۆ لە لیژنەی ناوبژیوانی ستار ئەکادیمی بیت چ گۆڕانکارییەکی تێدا دەکەیت؟**

- پێموایە شێوازی ئێستای ستار ئەکادیمی زۆر باش و سەرکەوتووە، بۆیە ئەگەر لەم لیژنەش بم تەنیا هەوڵ بدەم ئەو شێوازەی ئێستا پەرە پێ بدەم.

*** رات چییە بەرامبەر ئەو دیاردەی پێی دەڵێن گۆرانیبێژانی جەستە نەك خاوەن دەنگ و بەهرەی هونەری؟**

-پێموایە هیچ کەسێك ئەگەر دەنگی خۆش نەبێت ناتوانێت گۆرانی بڵێت، ئەگەر گۆرانیش بڵێت و کلیپیش تۆمار بکات، جەماوەر جارێك سەیریان دەکات دواتر پشتی تێدەکەن و بە ئاشکرا پێی دەڵێن واز لە گۆرانی گوتن بهێنێت زۆر باشترە.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە بە زمان و شێوەزاری جیاجیا گۆرانی بڵێیت؟**

- هیوادارم بتوانم بەشێوەیەکی نوێ و هاوچەرخ گۆرانی بە زمانی عەرەبی و شێوەزاری عەرەبی وەکو لوبنانی وکەنداوی گۆرانی بڵێم و جەماوەر لەو ناوچانەش بۆ خۆم پەیدا بکەم.

*** بەشێوەیەکی گشتی بەرنامەکە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە؟**

- بەرنامەکە لە هەر وەرزێکدا جیاوازە لەگەڵ وەرزی پێشووتر، بۆیە پێموایە هەمیشە بەرنامەکە بە بەردەوام گۆڕانکاری تێدا دەکرێت.

*** کلیپ تا چەند گرنگە بۆ هونەرمەند؟**

- ئێستا دەتوانین کلیپ بە ئاوێنەیەك وەسف بکەین کە هونەرمەند خۆی تێدا دەبینێتەوە لە هەمان کاتدا دەتوانێت لە ڕێگای کلیپەوە بزانێت تا چ رادەیەك لە دڵی جەماوەردا شوێنی خۆی کردۆتەوە، چونکە ئەو گۆرانییەی کلیپی بۆ دەکرێت زیاتر بڵاو دەبێتەوە، بۆیە یەکێك لە کارە سەختەکانی هونەرمەند ئەوەیە لە بەرهەمەکەیدا چ گۆرانییەك بکات بە کلیپ.

*** رات چییە بەرامبەر ئەو کلیپانەی ئێستا بڵاودەبنەوە؟**

- وەك گوتم کلیپ ئێستا بەشێکی گرنگی بەرهەمی هونەرییە، بۆیە کلیپی زۆر جوان هەن، زۆر ئاساییە ئەگەر بینەران گلەییان لە هەندێك کلیپ هەبێت و رەخنەی لێ بگرن.

*** ئێستا سەیری ستار ئەکادیمی دەکەیت؟**

- بەڵێ بەگوێرەی کات سەیری دەکەم، بەتایبەتی لە سەرەتای دەستپێکردنی و ئەڵقەکانی کۆتایی.

*** لە چ شتێك پەشیمانی؟**

-پەشیمان نیم لە شتێکی دیاریکراو، چونکە هەنگاوەکانم دوای بیر کردنەوەیەکی زۆر دەهاوێژم، بەڵام رەنگە هەندێك کارم کردبێت، لەجیاتی سوود زیانیان پێگەیاندووم بەشێوەیەکی رێژەیی.

***لە ژیاندا چ سیفەتێکی مرۆڤت بە دڵە و رقت لە چ سیفەتێکە؟**

- دوو روویی و رێزنەگرتن بەرامبەر دوو سیفەتن کە زۆر پێیان دڵتەنگ دەبم، لە هەمان کاتدا حەزم لە راستگۆیی و پەیمان بەجێ گەیاندنە واتە حەز ناکەم کەسێك پەیمانم پێ بدات و بەجێی نەگەیەنێت منیش هەروا.

*** هیوا و ئاواتەکانت چین؟**

- هیوادارم هەمیشە بەردەوام بم لە سەرکەوتن لە ژیانی هونەری و ژیانی ئاساییمدا و مرۆڤێکی بەهێز و بە توانا بم، بەڵام لە ژیانی هونەریدا هیوادارم بتوانم هەمیشە لە لوتکەدا بم و جەماوەر رازی بێت لەو کارانەی پێشکشەیان دەکەم.





## لەوانەیە تامر حوسنیش بچێتە پەرلەمان

بەم دواییە ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگر و هەوادارانی هونەرمەندی میسری تامر حوسنی داوایان لێی کردووە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی گەلی (پەرلەمان)ی میسردا بکات، لە هەمان کاتدا لە ژمارەیەکی زۆری ویب سایت و ماڵپەڕ هەستاون بە پروپاگەندە کردن بۆ تامر حوسنی بۆ هەمان مەبەست، بەو پێیەی تامر ئێستا یەکێکە لە بەهێزترین پاڵێوراوەکان لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی میسر لەسەر بازنەی ناوچەی هەرەم.

تامر حوسنی خاوەن پێگەیەکی جەماوەری بەهێزە و خەڵکی ناوچەی هەرەم پشتگیرییەکی بێ سنووری لێدەکەن، چونکە زۆر کاری خێرخوازی لەم ناوچەیە ئەنجامداوە و بەپێی قسەی خەڵکی ناوچەکە بەردەوام هەژار و نەدارەکانی ناوچەکە بەسەر دەکاتەوە و پرۆژە و کاری خێرخوازی زۆر لەو ناوچانە ئەنجام دەدات کە زۆر لەو کارانە زیاتر و باشترە کە ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی ناوچەکە ئەنجامی دەدەن، تا ئێستا تامر هیچ کاردانەوە و لێدوانێکی رەسمی و ئاشکرای دەربارەی ئەم بابەتە بڵاونەکردۆتەوە، بەڵام بەم دواییە لە دیمانەیەکدا گوتی: من پێویستم بەوە نییە رووەکی سیاسی یان رەسمی بخەمە سەر بەرپرسیاریەتی و ئەرکەکانم بەرامبەر خەڵکی ئەو ناوچەیەی تێیدا ژیاوم و میسر بە گشتی، چونکە بڕوام بەوە هەیە کە هونەرمەند خاوەن پەیامێکی مرۆڤایەتییە کە لە بەهای پەیامی سیاسەتمەدارێک گرنگترە.

## میریام بە سەرۆکی چیچان رازی نەبوو



کچە گۆرانیبێژی لوبنانی میریام فارس، گۆرانیبێژێکی ئیسرائیلی بەوە تاوانبار کرد کە گۆرانییەکی بە ناوی "إیە اللي بیحصل" دزیوە و بە زمانی عیبری دووبارە گوتویەتی، لەم بارەیەوە میریام داوای لە "إیە إف بي يي"، کردووە بە حوکمی ئەوەی بەرپرسیارە لە مافی موڵکایەتی فکری لە جیهان بەوەی ئەم گۆرانییە رابگرن و بڵاوی نەکەنەوە.

سەبارەت بە داوای شوکردنی بە سەرۆکی چیچانیش میریام رایگەیاند: ماوەیەك بەر لە ئێستا سەردانی روسیام کردبوو و ژمارەیەك ئاهەنگم ساز کرد، هەر ئەو کاتەی لە روسیا بووم سەرۆکی چیچان قەدیرۆف داوەتی کردم بۆ سازکردنی ئاهەنگێك بەبۆنەی رۆژی نیشتمانی روسیا و ئاهەنگی لەدایکبوونی، قەدیروف کە خێزاندارە و خاوەن منداڵیشە لەو ئاهەنگەدا داوای لێکردم شووی پێ بکەم، بەڵام من ئەم داوایەم رەتکردەوە، هەرچەندە ئەمە لە ئاینی ئیسلامدا ئاساییە کە پیاو زیاتر لە ژنێکی هەبێت.



## سێندی خەون بە سەرۆکایەتی ئەمریکاوە دەبینێت

**نمایشکاری جلوبەرگی بەناوبانگی ئەمریکی سێندی کراوفۆرد رایگەیاند کە ئێستا لە جاران زیاتر پارەی دەست دەکەوێت لە کارەکەی هەرچەندە تەمەنی لە ٤٤ ساڵی تێپەڕی کردووە، سێندی هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە لە منداڵییەوە خەون بەوە دەبینێت کەپۆستی سەرۆکی ئەمریکا بەدەست بهێنێت و لە کۆشکی سپی حوکم بکات.**

**سێندی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (فیلد)ی ئەمریکی ئاماژەی بەوەداوەکە ئەو هەمیشە حەز دەکات خۆی بەشێوەی سروشتی ببینێت هەرچەندە تەمەنی تێپەڕیوە وگوتی: من ئێستا دایکم و کاتێك ئافرەت منداڵی دەبێت بەچاوێکی جیاوازتر جیهان و دەروروبەری خۆی دەبینێت، بۆیە منیش ئێستا پێموایە منداڵەکانم گەورەترین سەروەت و سامانی منن.**

**سێندی هەروەها گوتی: لەرووی داهات و پارەوە ئەوەی ئێستا دەستم دەکەوێت زۆر لەوە زیاترە لەوەی کە لە تەمەنی لاوێتیدا دەستم دەکەوت، هەرچەندە ئەو کات لە لوتکەی ناوبانگدا بووم.**